# زەواجی مسیار

# و

# شێواندنی پێگەی ئەهلی عیلم

مامۆستا محمد عبدالرحمن کەلاری

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org - walamakan.com

## پێشەکی

إن الحمد لله ، نحمده ونستعينه و نستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ ( النساء : ١ ) .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ۝٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٧٠ - ٧١ ) .

**أما بعد :**

**فإن خير الحديث كتاب الله ، وخـير الهدي هدي محمد ، وشر الأمور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار ... أما بعد :**

خوای پەروەردگار لە قـورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت:

﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ ﴾ ئەم قورئانە ڕێنماییت دەکات بۆ ئەو شتەی کە ڕێکترو پاکترو جوانترو شیاوترو بەسودترە، ئیسلام بەرنامەیەکی تێرو تەسەلە بۆ ژیان و هەموو بوارەکانی بەجوانترین شێوە ڕێك دەخات، بەبێ ئەوەی هیچ لێکەوتەیەکی خراپی لێبکەوێتەوە ئەگەر وەکو خۆی ڕێنماییەکان جێبەجێ بکرێن.

## یەكێك لە گرنگترین ئەو بوارانە لەژیان دا بریتییە لە هاوسەرگیری.

ئیسلام گرنگییەكی زۆرباش و بەرچاوی بە هاوسەرگیری داوە، وە لە قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەشێوەیەكی زۆرجوان و ڕون باسی ئەحكامەكانی پێكهێنانی خێزان و بەڕێوە بردنی خێزان كراوە، ئەگەر ئەو ڕێنمایی و ئەحكامانە وەكو خۆی جێبەجێ بكرێن و مەبەستەكانی پێكهێنانی خێزان بەدی بهێنرێن ئەوكات سوكایەتی و یاری بە شەرەف و ناموسی هیچ ئافرەتێك و خێزانێك ناكرێت.

ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت لە وڵاتاندا و هێواش هێواش پەل دەهاوێژێت بۆ نێو وڵاتی خۆمان، وە هەندێك

خەڵکیش بەتایبەت هەندێک لە دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەیانەوێت شیرازەی خێزانی کۆمەڵگای کوردی بشێوێنن بەیەکتردا، وە دەیانەوێت ئەو کلتورە جوانەی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە کە بریتییە لە بوونی خێزان و پاراستنی شەرەف و ناموسی هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەتایبەت ئافرەت نەمێنێت.

بۆیە بەچەندین بیانووی نالەبار هەندێك باس دەوروژێنن کە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی نییە و پێویستیشمان نییە، **لەوانەش بانگەشەی زەواجی مسیار دەکەن.**

هەندێك بابەتی چەوت دەوروژێنن تەنها بۆ چەواشەکردن و شێواندنی شیرازەی خێزان و لەکەدارکردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام و ناشرینکردنی هەندێك

لەوکەسانەی بە هەڵگری ئاینی ئیسلام و مامۆستای ئاینی ناسراون کە هەموویان پلانن ﴿ بَلۡ مَكۡرُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ ﴾ پلانی شەو و ڕۆژی بێ دین و دوڕووەکانە بۆ شێواندنی شیرازەی خێزان و لەکەدارکردنی کۆمەڵگای موسڵمانان و هەتککردنی شەرەف و ناموس و گاڵتەکردن بە سومعەت و کەرامەتی خێزان بە تایبەت ئافرەتان.

بۆیە ئەو ڕێکارانەی کە ئاینی ئیسلام دایناون هێڵی سورن و بەربەستی پتەون گەر موسڵمانان ئاگاداری بن و جێبەجێی بکەن ئەو کات هیچ کەسێك ناتوانێت ئەو هێڵانە ببەزێنێت و یاری و گاڵتە بە شەرەف و ناموسی هیچ خێزانێك بکات، وە ناتوانرێت شەرەفی هیچ ئافرەتێك هەتك بکرێت و لە بازاڕەکاندا هەڕاج بکرێت.

خوای پەروردگار دەفەرمێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ [الروم]

واتە:یەکێك لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خودا ئەوەیە کە لەخودی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون، تاوەکو لەلایاندا ئارام بگرن،ئافرەت ئارامییە بۆ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی، وە لەنێوان هاوسەرەکان دا دۆستایەتی و ڕەحم و بەزەیی هەیە،(مودة بمعنی محبة) واتە خۆشەویستی هەردوولا بۆیەکتر، وە ڕەحم و بەزەیی لەلایەن مێردەکەوە بۆهاوسەرەکەی هەیە وە لە ئافرەتەکەشەوە بۆ مێردەکەی، بەڕاستی ئەمەش دەرس و پەندی تێدایە بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە.

بۆچی ئینسانێك خێزانەكەی لە مرۆڤە؟! ئەی بۆ ناكرێت خێزانەكەی لە ئاژەڵێك بێت؟! وەكو لە وڵاتە ئەوروپییەكان دەیبینین بوونە بە ئاژەڵ، ئافرەتێك زەواج دەكات بە سەگێك، كابرایەك ماكەرێكی لێ مارە دەكەن و ئاهەنگیشی بۆ دەكەن و شانازیشی پێوە دەكەن!!

لە ئاینی ئیسلام دا ئەمە نییە بەڵكو بۆ ئەوەی دۆستایەتی و خۆشەویستی و ئارامی و ڕێز هەبێت، دەبێت هاوشێوەی خۆی بێت تاوەكو هاوكاری و بەزەیی پێداهاتنەوە و تەواوكردنی یەكتر و یەكترجوانكردن هەبێت.

وەكو پەروەردگار دەفەرمێت : ﴿ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ ﴾ ئەوان پۆشاكن بۆ ئێوە، ئێوەش پۆشاكن بۆ ئەوان.

هەر یەكێك لە ئێمە پۆشاك لەبەردەكەین تاوەكو هەندێك عەیبە هەیە لە جەستەمان دایبپۆشین، گەر ئەو پۆشاكە نەبێت عەیبدار دەبین، وە هەروەها پۆشاك جوانی دەدات بە مرۆڤ و پارێزەریشە بۆی لە گەرما و سەرما و تیشكی خۆر و نەخۆشی و چەندین شتی تری زیانبەخش و نەگونجاو.

كاتێك دوو هاوسەر بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن بەیەكەوە، كۆمەڵێك لە كەموكورتییەكانی ژیانیان دادەپۆشن بۆ یەكتر، وە جوانی و تەواوكارییە بۆ هەردوولا و پاراستنی هەردوولایە لە هەندێك هەڵە و پێخلیسكان، بۆیە ئیسلام هانی مرۆڤ دەدات بۆ هاوسەرگیری.

گەر بیربكەینەوە ئەوەی ئیسلام پێی هاتووە یەكێكە لە جوانترین دیمەنەكانی ئیسلامەتی.

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ ﴾ واتە : ئەی محمد -صلى الله عليه وسلم- ئێمە لەپێش تۆ چەندین پێغەمبەرمان ناردووە ﴿ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً ﴾ هاوسەر و منداڵیشیان هەبووە ...

چونکە یەکێك لە مەبەستەکانی زەواج بریتییە لە خستنەوەی نەوەو وەچە ، هەربۆیە پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرمێت : " تَزَوَّجُوا الوَدُودَ الوَلودَ ، فإني مُكَاثِرٌ بِكم يومَ القيامةِ " واتە: لەو ئافرەتانە مارەبکەن کە خۆشەویستی خۆیان بۆ مێردەکانیان دەردەبڕن و خۆیان لای مێردەکانیان خۆشەویست دەکەن، وە منداڵیان زۆر دەبێت، بەڕاستی من لە قیامەتدا شانازی دەکەم بەڕێژەی زۆری ئوممەتەکەم.

ئەمەش هاندانێکە بۆ خستنەوەی منداڵ و نەوە.

پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وتی ئەی پێغەمبەری خوا من دەمەوێ ئافرەتێك مارەبکەم کە مندالّی نابێت، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی وازی لێبێنە.

ئافرەتێك مندالّی نەبێت بۆ تۆ نابێت چونکە یەکێك لە مەبەستە گرنگەکانی زەواجی تێدا بەدی نایات کە بریتییە لە هەبوونی مندالّ.

پەروەردگار دەفەرمێـت: ﴿فَٱلۡـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ ۝١٨٧﴾ [البقرة].

لە ئێستا بەدواوە لە شەوانی ڕەمەزاندا حەڵاڵە بۆتان بچنە لای خێزانەکانتان (چونکە پێشتر حەرام کرابوو)، وە با

مەبەستی چوونە لایان ﴿ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ ﴾ منداڵ خستنەوە بێت.

هەندێك لە زانایان دەفەرموون ﴿ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ ﴾ واتە مەبەستتان خستنەوەی منداڵ بێت، وە هەندێکی تر دەفەرموون با مەبەستتان پاراستنی هەردوولا بێت لە تاوان.

کەواتە ئارامی خێزان و هەبوونی دۆستایەتی و خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی و هاوکاریکردنی یەکتر و تەواوکردنی یەکتر و جوانکردنی یەکتر و پاراستنی هەردوولا لە تاوان و خستنەوەی منداڵ لە مەبەستە سەرەکییەکانی هاوسەرگیرییە.

به پێچەوانەوە هەر هاوسەرگیرییەك ئەم مەبەستانەی تێدا بەدی نەیەت ئەوا ڕەتکراوەیە، جا زەواجی کاتی بێت(بۆماوەی سەعاتێك، هەفتەیەك، مانگێك، ساڵێك یان زیاتر) یان زواج بنیة الطلاق بێت (کابرایەك ئافرەتێك مارەدەکات لە نییەتی خۆیدا وادایدەنێت تا ساڵێك و دووان ئەم ئەم ئافرەتەی لەلابێت و دواتر تەڵاقی بدات، بەڵام لەگەڵ ئافرەتەکەش باسی ناکات).

الزواج المؤقت، الزواج بنیة الطلاق، الزواج المسیار(زەواجی ڕابواردن)

**الزواج المسیار(زەواجی ڕابواردن):** بریتییە لە ڕابواردن بە ئافرەت ، چونکە بە مەبەستەکانی هاوسەرگیری تێیدا بەدی نایات، بۆیە لە ئیسلام دا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە ڕێگەپێدراو نین.

ئەو زانایانەی شارەزا و وردبین و دووربینن و مەبەستەکانی شەریعەت لەبەرچاو دەگرن ڕێگە بەم کارانە نادەن.

وَعَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((لاَ نِكَاحَ إِلاَّ بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ)).

واتە: هیچ زەواجێك دانامەزرێت ئیلا دەبێت وەلی ئەمری کچەکە(بەخێوکارەکەی) ئامادەبێت و ڕازی بێت، (وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ) واتە دووپیاو باش و دیندار و بۆخوا سوڵحاو و دامەزراو ئامادەبن و شایەت بن کە فڵانی کچی فڵان شووی کردووە بە فڵانی کوڕی فڵان، وە هەر ئافرەتێك بەبێ وەلی ئەمرەکەی زەواج بکات زەواجەکەی بەتاڵە، زەواجەکەی بەتاڵە، زەواجەکەی بەتاڵە.

**ولي أمر(بەخێوکار):** ئەو کەسەیە کە ژیانی ئەو کچە یان ئەو کوڕە بەڕێوە دەبات و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە.

لە هەبوونی وەلی ئەمر نابێت پشت ببەسترێت بە هیچ مەزهەبێك و وتەی هیچ زانایەك گەر پێچەوانەی شەرع بوو چونکە بە بەڵگەی ئایەت و فەرموودەی صەحیح بەبێ بوونی وەلی ئەمر زەواج دانەمەزراوە و بەتاڵە.

وە سەبارەت بە شایەتەکانیش دەبێت دوو شاهێدی دادپەروەربن.

**بەسەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە بزانن چ دەگوزەرێ بەناوەی دین و مەزهەبەوە!**

ئافرەتێك پەیوەندی کرد و پێی وتم مامۆستا دەتوانی بێیت و داوام بکەیت بۆ مێردەکەم!

وتم واتا چی کە تۆ هاوسەرتە! وتی مامۆستا شووم کردووە بە پیاوێك بەڵام کەس نازانێت، گەر تۆ بێیت داوام بکەیت بۆ هاوسەرم بەڵکو ئیشەکەم ڕێك بێت چونکە بابەتەکە خەریکە گەورە دەبێت حەملم هەیە و ئاشکرا دەبم، کاتێك لە بابەتەکە وردبومەوە زانیم ئەم ئافرەتە کەس و کاری لە بەغدایە ئەو پیاوەشی کە زەواجی لەگەڵ کردبوو دەیویست دووبارە زەواجی لەگەڵ بکات و من مارەیان بکەمەوە سایەق تەکسی بوو، ئیدی بە بەهانەی ئەوەی ئەم سایەقە جێی متمانەیە و ناسراوە ئافرەتەکەیان لەگەڵ ناردووە بۆ شارێکی تر، لەکاتی هاتوچۆکردن کە تەنها ببون شەیتان توشی فیتنەی کردبوون! پیاوەکە وتبووی با زەواج بکەین تاوەکو توشی زینا نەبین خۆ لە مەزهەبی ئەبو حەنیفە

وەلی ئەمر پێویست نییە، وە خوای گەورەش دەکەینە شاهێد و تەواو!

تەلەفۆنی بۆ ئافرەتەکە کردبوو وتبووی ئەوە لەسەر مەزهەبی ئەبو حەنیفە بە شاهێدی خوا تۆم لەخۆم مارەکرد!

منیش پێم وت خوشکم ئەوە لەسەر مەزهەبی شەیتانە نەك ئەبو حەنیفە.

کەسی واهەیە زەواج بە تەلەفۆن و ئۆنلاین دەکات بەبێ ئامادەبوون و ئاگاداری وەلی ئەمر و شاهیدەکان.

جارێکی تر پیاوێك قسەی لەگەڵ کردم وتی مامۆستا ئافرەتێك مێرد و منداڵی هەیە، منیش هاوسەر و منداڵم هەیە، دەکرێت ئەو ئافرەتە لای مەلایەك بۆ خۆم مارەبکەم؟!

پێم وت هەرکات کرا هاوسەرەکەی تۆ لە پیاوێکی تر مارەبکرێت، ئەوکات دەتوانی ئەو ئافرەتە لەخۆت مارەبکەیت.

شتانی وا ڕوو دەدەن کە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت، هەندێ کۆڵکە مەلا پەیدابوونە کە مامۆستا ئینگلیزی و فیزیایە دەیبەن بۆ مارەبڕین، شتی واش هەرگیز نابێت، بەڵکو دەبێت مامۆستایەکی دیندار و بەناوبانگ و شارەزابێت تاوەکو هەڵەیەکی کرد لەسەری حساب بکرێت بۆیە زۆر جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی زەواج لە دادگاکان دا بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئەم زەواجە ئەسڵ و بنەمای هەیە یان نا.

هەندێ کەس هەیە بەشەرەف و ناموس و کچی خەڵك ڕادەبوێرێت، بۆ ڕێگرتن لەو بابەتانە گرێبەستی

زەواج(عقد الزواج) دانراوە، وەلی ئەمر و شاهید و مامۆستایەکی شارەزا و ڕەسەن دانراوە.

خۆ ناکرێت هەرکەس پێی وترا مەلا یان کڵاوێکی کردە سەری شیاوبێت بیبەیت بۆ مارەبڕین، وە ئەم بابەتانە نابێت بەخەڵکی لادیوار و کۆڵانەکان بکرێت و متمانەیان پێبکرێت ، چونکە ئەمە یاریکردنە بە شەرەف و ناموس و کەرامەت.

ئیسلام ڕێگە بەم گاڵتەجاڕییانە نادات چونکە خێزان شکۆی هەیە، ئافرەت شەرەف و کەرامەتی هەیە وە دەبێت بە شێوازێکی ڕەسەن و دیار و بەرچاو هاوسەرگیری پێکبهێنرێت.

عن عبدالله بن زوبير-رضي الله عنهما- أن النبي -صلى الله عليه وسلم- قال " أعلنوا النكاح " واته بۆ هاوسەرگیری بانگەشە بکەن.

پێویستە لە هەردوو خێزان کۆمەڵێك کەس بانگ بکرێت و بە ئاشکرا مارەبڕین بکرێت، وە ئەم شیرینی خواردنەوەی ئێستا هەیە جۆرێکە لە بانگەشە کردن، و پێویستە خزم و دۆست و دراوسێ بزانن فڵانی کوڕی فڵان زەواجی کردووە لەگەڵ فڵانی کچی فڵان دا.

وَعَنْ مُحَمَّدِ بْنِ حَاطِبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((فَصْلُ مَا بَيْنَ الْحَلَالِ وَالْحَرَامِ : الدُّفُّ وَالصَّوْتُ فِي النِّكَاحِ)).

جیاکەرەوەی نێوان حەڵاڵ و حەرام، زەواجێکە کە دەف لێبدرێت و گۆرانی بوترێت، ئەمەش بانگەشەیە و ئاماژەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییە و خەڵکی دەیزانن و بەئاشکرا دەکرێت (حەڵاڵ بریتییە لە زەواجێکی شەرعی، حەرامیش ژێر بەژێر و شاراوەیە و ناشەرعییە)

**زەواجی مسیار بنەماکەی کە باس دەکرێت بەم شێوازەیە:-**

**زواج المسيار هو : أن يعقد الرجل زواجه على امرأة عقدًا شرعيّاً مستوفي الأركان والشروط ، لكن تتنازل فيه المرأة عن بعض حقوقها كالسكن أو النفقة أو المبيت .**

پیاوێك ئافرەتێك مارە دەكات بە شێوازێكی شەرعی، هەموو مەرج و ڕوكنەكانی زەواجی تێدایە بەڵام ئافرەتەكە دەستبەرداری هەندێك لە حەق و مافەكانی خۆی دەبێت وەكو (شوێنی نیشتەجێ بوون، خەرجی و مەسرەف، مانەوەی شەو)

بۆ نمونە ئافرەتەكە دەڵێ من خانوی خۆمم هەیە پێویست ناكات تۆ خانووم بۆ بكەیت، یان دەڵێ خۆم مەسرەفی خۆم دەكەم و تۆ مەیكە، یان دەڵێت مانەوە و لەگەڵ بوونی شەوم ناوێت.

ئەمانە لە سنورێكی دیاریكراودا هەندێك لە زانایان بە كۆمەڵێك ڕێكاری زۆر و بەرتەسككەرەوە دەرفەتیان پێداوە.

**زانایان باسی گرنگترین ئەو هۆکارانەیان کردووە کە وایکرد زەواجی مسیار سەرهەڵبدات، لەوانەش:-**

١-زیادبوونی ڕێژەی قەیرەیی و بێوەژن، ئەمەش بەهۆی گرانی ئەرکەکانی زەواج کردن و زۆری مارەیی و کوژرانی زۆرێك لە گەنجەکان و پیاوانمان، وە کۆچکردنی بەشێکی زۆر لە گەنجان بۆ وڵاتانی ئەورووپا ئەمانەش بونەتە هۆی مانەوەی ئافرەتانێکی زۆر، بۆیە لەهەندێك حاڵەتی لەم جۆرەدا زەواجکردنی ئافرەتێك بۆ دووەم یان سێیەم و چوارەم وە یان ئافرەتێك تەنازول لە مافەکانی خۆی بکات، بەڵام بەمەرجێك کە وەلی ئەمر و شاهێد هەبێت و بانگەشەی بۆ بکرێت و ئاشکرابکرێت تەنها ئەوەندەیە لەبری ئەوەی ئافرەتەکە بگوێزنەوە بۆ لای پیاوەکە، پیاوەکە

دەگوێزنەوە بۆلای ئافرەتەکە، لەبری ئەوەی پیاوەکە نەفەقەی ئافرەتەکە بکات ڕەنگە ئافرەتەکە دەوڵەمەند بێت و ئەو نەفەقەی پیاوەکە بکات وە یان موچەی هەبێت و ماڵی باوکی یارمەتی بدەن....هتد

٢-پێویست بوونی هەندێ لە ئافرەتان بۆ مانەوە لەماڵی باوکیان لەبەر ئەوەی کەس نییە خزمەتی ئەوماڵە بکات، باوك و دایکێکی پیری هەیە وە یان برایەك خوشکێکی نوقسانی هەیە، تەنها ئەو ئافرەتە کاروباری ئەو ماڵە بەڕێوە دەبات، بەڵام پێویستی بەزەواجە و ناشکرێت لەماڵی باوکی بگوێزرێتەوە، بۆیە لەبەر ئەو حاڵەتە تایبەتە ڕێك دەکەون بەیەکەوە لەتەنیشت ماڵی باوکی یان لەسەربانی ماڵی باوکی دەمێننەوە، یان هەندێ ئافرەت هەیە بێوەژنە و منداڵی بچوکی هەیە و کەسیش نایانگرێتەخۆ، وە

ناشکرێت ئەو منداڵانە لەگەڵ خۆی ببات بۆ ماڵێکی تر، وە بۆئەوەی توشی تاوان نەبێت شوودەکات بە پیاوێك و منداڵەکانیشی لەلا دەمێنێتەوە.

لەحاڵەتی لەم شێوانەدا بەو ڕێکارانەی باسکران گرفتی تێدانییە و ڕێگەپێدراوە.

وە یان ئەو پیاوانەی سەفەر زۆر دەکەن بەهۆی بازرگانی و کارەوە و ماوەیەکی درێژخایەن دەمێننەوە، بۆ ئەوەی لەو شوێنەی بۆی دەڕۆن توشی حەرام و زینا و داوێن پیسی نەبن، هاوسەرێکی تر مارە دەکەن، بەڵام بەو مەرجەی ئاشکرابێت و بانگەشەی بۆکرابێت کە فلان و فلان هاوسەری یەکترن وە منداڵیان دەبێت و گرێبەستی

**هاوسەرگیرییان هەیە لە دادگا بە ئاشکرا، وە لەگەڵ یەکتردەبن بە ئاشکرا لە هەموو شوێنێك.**

بەڵام گەر زەواجت کردبێت بە نهێنی و کەس نەزانێت، وە نەتوانیت لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ هیچ جێگەیەك، سبەی دوسبەی ئەم ئافرەتە منداڵی دەبێت، یان ناهێڵێ منداڵی ببێت بەدەمییەوە ناچێت خەمەکانی دەرناکات، منداڵیشی ببێت باوکی خۆی نەبینێت بە هەفتەی جارێك سێ مانگ جارێك! خاوەن خێزانەکان شتی وا قبوڵ ناکەن.

**مەگەر کێ هەیە قبوڵی بکات کچەکەی یان خوشکەکەی هەفتەی جارێك دووجار پیاوێك بێتە ماڵەکەی بیست دەقە سەعاتێك لەگەڵی بچێتە**

ژورێکەوە و دواتر جێی بهێڵێت و تا هەفتەیەکی تر نەیەتەوە بۆلای و لە هەواڵی نەپرسێت، ئەمانە یاریکردنە بە شەرەف و ناموس ئەمە هەتکردنە، هەربۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە لە ئیسلام دا ڕێگەپێدراو نییە.

کێ ئەمە بۆ کچ و خوشکی خۆی قبوڵ دەکات پیاوێك بێت و بیبات بۆ باخێك، شوقەیەك سەعاتێك، دووسەعات لەگەڵی بێت و دواتر بێتەوە بۆ ماڵی باوکی!

کەسانێك هەن ئەم بابەتەیان ئیستغلال کردووە، بۆیە هەندێك لەو زانایانەی سەرەتا فەتوایان داوە بە دروستێتی زەواجی مسیار بەو مەرج و ڕێکارانەی باسمان کرد دوای ئەوەی کەسانێك گاڵتەیان بە شەرەف و ناموس و کەرامەتی

ئافرەت و خێزان کردووە پەشیمان بونەتەوە لەو فەتوایەیان، لەوانە شێخ ابن عثیمین –رحمه الله-

وە هەندێك زانا ئەسڵەن هەر ڕێگە نادەن لەوانە شیخ الألباني -رحمەالله- چونکە دەفەرموون مەبەستەکانی زەواجی تێدا بەدی نایات، بەڵکو بەدزییەوە دەکرێت ناهێڵن ئافرەتەکە منداڵی ببێت، وە پیاوەکە لای ئافرەتەکە نامێنێتەوە گرنگی پێبدات و خەمەکانی دەربکات بۆیە ئەم زەواجانە سەرکەوتوو نین.

هەندێك کەس هەیە ژن دەهێنێت بەتەماحی ئەوەی ئەم ئافرەتە دەوڵەمەندە و موچەی هەیە، و وادەزانێت زەواج تەنها بۆ ڕابواردنە، نا زەواج بۆ ڕابواردن نییە بەڵکو بەرپرسیارێتییە، بەخێوکردنە، گرنگی پێدانە، منداڵ و خێزان دروستکردنە، دۆستایەتی و پەیوەندی خزمایەتییە.

بۆیە گەر دەتەوێت زەواج بکەیت بە ئەدەبەوە لە دەرگاوە بچۆ ژوورەوە ﴿ وَأۡتُواْ ٱلۡبُيُوتَ مِنۡ أَبۡوَٰبِهَاۚ ﴾ نەك لەسەربان و پەنجەرەوە! یاری بە شەرەف و ناموسی خەڵکی مەکە، پێت هەڵدەسوڕێ وەکو پیاوێك بیکە، پێت ناکرێت شتی ژێربەژێر و نهێنی و یاریکردن بە شەرەفی خێزان لە ئیسلام دا قبوڵکراو نییە.

ئەوانەی باسمان کرد هەست کردنە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەخێزان و شەرەف و ناموس، دوای پاراستنی دین و ئیمان و پاراستنی ڕوح و گیان و خوێن، پاراستنی شەرەف و ناموس و کەرامەتە، پاراستنی پشت و ڕەچەڵەك و نەوە و وەچەیە.

### ١٢٤ هەزار پێغەمبەر هاتووە بۆ پارێزگاری کردن لە پێنج شت:-

١-(حفظ الدين) پاراستنی دین و ئیمانی خەڵكی.

٢-(حفظ النفس) پاراستنی ڕۆح و گیان و خوێنی خەڵك.

٣-(حفظ العرض والنسب والنسل) پاراستنی شەرەف و ناموس و ڕەچەڵەك و نەوە و وەچە.

٤-(حفظ العقل) پاراستنی عەقل و بیر و هەست و هۆشی خەڵك.

٥-(حفظ المال) پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵكی.

كورتەی دینی هەموو پێغەمبەران ئەمانەیە، سێیەمیان پاراستنی شەرەف و ناموس و كەرامەتە، پاراستنی پشت و ڕەچەڵەكە، هەموو منداڵێك دەبێت بزانرێت كوڕی كێیە،

باپیری کێیە، باپیری باوکی کێیە، باپیری باپیری کێیە، هەموو ئینسانێك دەبێت نەوەی خۆی بناسێت، کوڕەکەی کوڕەزاکەی کوڕەزازاکەی، کچەکەی کچەزاکەی کچەزازاکەی، دەبێت ڕون و دیاربێت و لەناو کۆمەڵگەدا بزانرێت، پشت و ڕەچەڵەکی ئەم ئینسانە کێیە و نەوە و وەچەکانی کێن، بەڵام لەم جۆرە زەواجانەدا ئەمانە بەدی نایات(پاراستنی شەرەف و ناموس و پشت و ڕەچەڵەك و نەوە) بۆیە ئەم جۆرە زەواجانە زەواجکردنە بۆ ماوەیەکی کاتی بە نییەتی تەڵاقدان بۆ ڕابواردن و کات بەڕێکردن، ئەمانەش لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نییە.

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت:

﴿ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ ﴾

واتە:ئەو کەسانەتان کە ئیماندارن بەگشتی، وە ئەوانەشتان کە زانستیان هەیە خوای پەروەردگار بەرزیان دەکاتەوە، و خوای گەورە ڕێزی لەو کەسانە ناوە کە ئەهلی عیلم و هەڵگری شەریعەت و قورئان و سوننەتن.

پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ ﴾

واتە: ئێمە پلەی کەسانێك بەرزدەکەینەوە بە عیلم.

" العلماء ورثة الأنبياء " زانایان میراتگری پێغەمبەرانن.

هەربۆیە پارێزگاری کردن لە شکۆ و کەرامەت و پێگەی زانا و مامۆستایانی ئاینی ڕێزگرتنە لە قورئان و پێغەمبەران-علیه الصلاة والسلام-، ڕێزگرتنە لە شەریعەت،

ئەگەر زانايان لەكەدار بكرێن ئەوە مەبەست شەرعەكەيە نەك خۆيان.

كافرەكانی سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر هەوڵياندا خەڵك باوەڕ بە قورئان نەهێنن، زۆر هەوڵيان دا پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- لەكەدار بكەن، ئەم لەكەداركردنانە (أساطير الأولين) بەسەرهاتی پێشينانە، دەيانوت ئەم قورئانە سحرە ئەم محمدە شێتە، جادوبازە، كابرايەكی درۆزنە، كابرايەكە لەملا و لا شت كۆدەكاتەوە... بەڵام باوەڕيان پێنەكرا بۆيە هاتن تانە و تەشەريان لە هاوەڵان و زانايان دا.

تانەدان لە هەڵگرانی دين تانەدانە لە خودی دين، وەكو هەندێك كەس هەن دەڵێن باوەڕم بە قورئان و

فەرموودە هەیە بەس باوەڕم بە مەلا نیە، باوەڕم بە زاناکان نیە!

مەگەر تۆ دین و قورئان لەڕێی کێوە فێر دەبیت؟!
بێگومان لەڕێی زانایان و مامۆستایانی ئاینییەوەیە.

کاتێك منداڵەکەت نەخۆش دەکەوێت دەیبەیت بۆلای باشترین دکتۆر، دەتەوێت خانوو دروست بکەیت باشترین ئەندازیار دیاری دەکەیت تا بۆت دروست بکات، سەیارەکەت خراپ دەبێت دەیبەیت بۆلای باشترین فیتەر.

ئەی دینەکەت؟! بێگومان دەبێت دینەکەت ببەیت بۆلای باشترین و شارەزاترین زانا و مامۆستا بە قورئان و فەرموودە.

ڕۆژێکیان دوو هاوسەر هاتن بۆلام وتیان مامۆستا تەڵاقمان کەوتووە چوینە بۆلای چەند مامۆستایەك چاکی

ناکاتەوە، هاتووین بۆلای تۆ کۆتا هەوڵدانە، گەر لای تۆ چاك ببێتەوە الحمدلله گەر باشیش نەبێتەوە ئەوە هەر یەکەمان دەچینەوە ماڵی باوکی، وتم چی بووە؟! وتی مامۆستا ئەمە چوارەم تەڵاقمانە! وتم ئەی ئەوانی تر کە چاکتان کردونەتەوە چونە بۆلای کێ؟! وتی مامۆستا چوینە بۆلای کابرایەك گاوانە! تەڵاقی یەکەمی چاك کردبویەوە بە ٥٠ هەزار، وتومانە لە تواناماندا نییە بۆیکردووین بە ٤٥ هەزار، پێی وتووین تا ١٠ تەڵاقی تریش کەوت هەر وەرنەوە بۆلام بۆتان چاك دەکەمەوە، تەڵاق کەوتن هەر نییە! تەڵاقی دووەمیشی بە ٤٥ هەزار بۆ چاك کردبوینەوە، تەڵاقی سێیەم وتبووی کەمە بۆیە ٥٠ هەزاری لێ وەرگرتبووین، بۆ چوارەمیش چوبوینەوە بۆلای وتبوی بۆتان چاك دەکەمەوە، ئافرەتەکە وتی مامۆستا بە بەناو مەلا

گاوانەکەم وتووە من قورئان دەخوێنمەوە تێیدا نوسراوە :

﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ ﴾ تەڵاق دووجارە، بەڵام بۆچی تۆ دەڵێی جاری چوارەم و تا دەیەمیش چاکی دەکەمەوە! بۆیە توشی گومان هاتم و وازم هێنا و نەچوینەوە بۆلای، ئافرەتێکی سادە و عەوامە هەستی کردووە و وتوویەتی لە قورئان خوێندومەتەوە تەڵاق دووجارە.

منیش پێم وتن خوشك و برا بەڕێزەکەم ئەمە مەلا نییە، بەڵکو قۆڵبڕە و پارە پەیدا دەکات، بەڵایە و تاجرە نەك مەلا! تەڵاق بە کۆڵکە مەلا و مەلای بن دیوار چاك ناکرێت هەندێك خەڵک هەن کراون بە مەلا، گەرنا ئەوەندە مەلا و زانا نین.

ناکرێت دینەکەت بە کرچ و کاڵی وەربگریت، بەڵکو گرنگە بزانیت پرسیار لە کێ دەکەیت، هەربۆیە دوژمنانی ئیسلام تانە دەدەن لە شکۆ و پێگەی زانایان و مامۆستایان، ئەمەش جۆرێکە لە لەکەدارکردن کە کەسانی کەم عیلم و نەشارەزا خۆیان تێهەڵقورتاندووە و بەرگ و ناوبانگی مەلای بەبەرا کراوە لەپێناو ئەوەی دینەکەی پێ ناشرین بکرێت.

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە فەرمودەیەکی قودسی دا دەفەرمێت: خوای گەورە فەرمویەتی ((إِنَّ اللَّهَ قَالَ : مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ)).

واتە: هەرکەسێك دژایەتی دۆستێك لە دۆستەکانی من بکات، من بانگەشەی جەنگی لەگەڵ دا دەکەم.

هەردوو ئیمامی أبو حەنیفە و ئیمامی شافعی -رحمهم الله- دەفەرموون "إذ لم يكن الفقهاء فليس لله الولي" ئەگەر زانایان و مامۆستایانی ئاینی دۆستی خودا نەبن، ئەوا خوای گەورە دۆستی نییە.

زانایان و مامۆستایانی شارەزا بە قورئان و فەرمودە هەڵگری دین و چاوساغی دیندارەکانن، دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت، نەك پۆستیان لەسەربکرێت و لەکەداربکرێن، چونکە لێدانە لە شکۆ و پێگەی مامۆستایانی ئاینی، لێدانە لە مزگەوت، لێدانە لە شکۆی خێزان، پێش هەموشیان لێدانە لە قورئان و فەرموودەکان، لێدانە لە پەیامی پێغەمبەران.

خۆ ئەگەر مەلا نەبێت دین و ئیمان نەبێت مزگەوت نەبێت ئەوکات حەڵاڵ و حەرامیش نامێنێت، ئەوکاتە خەڵکی بە ئاشکرا ژن و ماڵ و سامانی یەکتر دەبەن و لەژێر ناونیشانی لابەلاشدا بۆت دەڕازێننەوە!

پارێزگاری کردن لە پێگە و شکۆی مامۆستایانی ئاینی و ڕێزگرتنیان دەبێت لە پێشینەی خەمەکانی خەڵك و حوکمەت و دەسەڵاتداران بێت بەتایبەتی وەزارەتی ئەوقاف (یەکێتی زانایان) و پیاوماقوڵان، ناکرێت زانا و مامۆستایەکی ئاینی توشی پێخلیسکانێك بێت دەست بکەیت بە لێدان لە پێگە و شکۆیان، ئەوانیش مرۆڤن و شایستەی پێهەڵخلیسکانن.

خوای گەورە لە قورئاندا لە سورة فرقان باسی کافرەکان دەکات کە ڕەخنە دەگرن، دەفەرمێت : ﴿ وَقَالُوا۟ مَالِ

﴿هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشِي فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ لَوۡلَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مَلَكٞ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا ٧﴾ [الفرقان] .

واتە: کافرەکان دەیانوت ئەمە چییە پێغەمبەرەکان خواردن دەخۆن و لە بازاڕیش دا دێن و دەڕۆن!

بێگومان دەبێت بزانین پێغەمبەران و هاوەڵان و زانایان و مامۆستایانی ئاینیش مرۆڤن و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێدەکەن، وە ڕەنگە تووشی پێخلیسکان و هەڵە بن یان توشیان بکەن، چونکە دوژمنانی دین چەندین پلان دادەنێن بۆئەوەی کەسێکی دیندار مامۆستایەك، زانایەك توشی هەڵە بکەن یان بە مرۆڤ بوونی خۆی دەکەوێتە هەڵەیەکەوە دەست دەکەن بە لێدان لە شکۆ و پێگە و ناو و ناوبانگ و تانەلێدان و هەتکردنی..! خۆ گەر هەڵەیەکیشی کرد بڕۆ بە شێوازێکی شەرعی و یاسایی دادگایی بکە و حەق و مافی خۆتی لێوەربگرەوە.

خۆ ناکرێت هەرئەوەندەی زانایەك، مامۆستایەکی ئاینی هەڵەیەکی کرد بکەیت بە هەرا و تانەدان لێی، موسڵمانان نابێت لەکەدارکردنی شکۆ و پێگەی زانایان و مامۆستایانی ئاینی قبوڵ بکەن، وە نابێت ڕێگە بدەن بدرێت لە شکۆ و پێگەیان، چونکە تانەدان و لەکەدارکردنی زانا و مامۆستایانی ئاینی لێدانە لە شکۆ و کەرامەتی هەموو خەڵك و کۆمەڵگە، لێدانە لە مینبەری پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم-، لێدانە لە حەڵاڵ و حەرام، لێدانە لە شکۆی خێزان.

ئەو هەر ئەو مامۆستایەیە کە ژنەکەت لێ مارە دەکات، هەر ئەو مامۆستایەیە کە نوێژی مردوو لەسەر مردووەکەت دەکات، بزانە دینەکەی تۆ لە ئەستۆی ئەوانە، گەر ئەوان

لەکەداربکرێن و لە پێگەیان بدرێت ئیدی کێ ژنت لێ مارەدەکات؟! کێ نوێژی مردووت لەسەر دەکات؟!

هەر لە یەکەم ساتی دروستبوونی تۆوە کاتێك ئافرەتێك مارە دەکرێت لە پیاوێك لەسەر ناوی خوا مارە دەکرێت، پیاوێك دەچێتە لای هاوسەرەکەی لەسەر ناوی خوایە، وە کاتێکیش دەمریت و دەخرێیتە گۆڕەوە دەوترێت " بسم الله وعلى سنة رسول الله " هەر لەسەر شەرع و سوننەتی پێغەمبەری خوایە.

داواکارین خوای گەورە هیدایەتمان بدات بۆ خەمخۆری و پارێزگاریکردن لە دین

وە توشی خێر و بەرەکەتی دونیا و قیامەتمان بکات و لە شەڕ و بەڵا و فیتنەی دونیا و قیامەت بمانپارێزێت.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليه

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org walamakan.com